## جوان و ناشیرین

## دەروازەیەکی تیۆری

و:عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا

(بلانشۆ) لە (فەزای ئەدەبیدا) رایدەگەیەنێ کە وەڵامدانەوە تەنها لە بەدواداچوونی ژیاندا نەبێ، چێژ وەرناگرێت پێش ئەویش بە (30) ساڵ (لۆکاچ) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (تیۆری رۆمان) بەرگری لەهەمان فیکرە کردووە، بەڵام ئەمڕۆ لەنووسینیدا لەتوانای هیچ کەسدا نییە وەك (هۆمیرۆس) بکاتن، چونکە (هۆمیرۆس) بەرلەوەی گوێبیستی ئەو پرسیارە بێ کە لەدووتوێی گەشەی مێژووی فیکردا خراوەتە ڕوو وەڵامی دۆزیوەتەوە هەروەها (لۆکاچ) بۆ تەئکید کردن لەهەمان فیکرە دەنووسێ ((گریکەکان وەڵامیان ناسیوە بەڵام پرسیاریان ناس نەکردووە چارەسەریان ناسیوە ((گەرچی مەتەڵئامێزیش بێ)) بەڵام خودی مەتەڵیان نەناسیوە، شێوەیان ناسیوە، بەڵام فەوزایان نەناسیوە.

(لۆنجینۆس) نووسەری کۆنی گریکی لەو کتێبەی کە بەناونیشانی ((لەبارەی پارچەیەك لە جوانییەکان-عن الرائع)) دەنووسێ جوانییەکان سۆزێکن بۆ خواوەند، خواوەند بەرەو پاکیمان دەبات، بەرەو ناخ، بەرەو هەقیقەتە خواوەند ئامێزەکان، بەرەو پاکی خواوەندی بەرزمان دەکاتەوە، لەدیدی ئەودا نووسەری گەورە خودی خواوەند بووە. لەناو چەمکی پارچە (جوانیەکان)دا بۆ مندالّ، یان گەمژە هیچ شوێنێك دەست ناکەوێت، هەروەها بۆ ئەوانەی کە بەهای عەقڵو ئەخلاق نازانن، وەك چۆن بۆ ئەوانەی کە ئازادنین، کۆیلەو ئەوانیدیکە هیچ شوێنێکیان دەست ناکەوێت.

لەیۆنانی کۆندا جوانییەکان دەنگی خواوەند بوون، هەورەها لە ئیستاتیکای ترانسندنتالی (کانت)دا جوانییەکان بەکرۆکی عەقڵو ئەخلاقەوە بەندن. لە ئیستێتیکای (هیگل)دا تەعبیرکردنە لە رۆحی رەها، تەعبیرکردنە لەهاوگونجانی فیکرو شێوە، تەماهی بوونی عەقڵە بەمێژوو، دەتوانین بڵێین لە دووتوێی ئەو دیدو بۆچوونانەوە جوانی داخراوو گونجاوە، پیرۆزو هاودژە. گرنگترین تەعبیرکردن لەبارەی (جوانییەوە) لەمێژووی ئەدەبدا کرابێ، داستانە لەبەرامبەر ئەوەشدا (رۆمان) دەشێ شێوەیەك لەشێوەکانی یاخی بوونی جوانی بێ بەسەر تەواوی حەقیقەتە پیسو پارچە پارچە بووەکاندا، بەزمانێکی دیکە دەشێ لەبەرامبەر (ناشیرین- الردئ و) بەتەعبیری نموونەیی دابنێین. رۆمان شێوەیەکی بێ کۆتاییو کراوەیە لەنێو دنیای رۆماندا هیچ شوێنێك بۆ یاساو هاوگونجان دەست ناکەوێت، بەڵکو رۆمان هەڵگری شێوەیەکی دوورەگو کراوەیە، ئەگەر زمانی (ئیکو) بەکاربهێنین دەڵێن رۆمان بۆخۆی چێژ لەو ناوانە بێ سنوورە وەردەگرێ، رۆمان تەعبیر لە جیهانێکی هەلا هەلا دەکات، بەڵام دەبێ بزانین کە هەلا هەلا بوون مەرجی جێبەجێکردنی دیالۆگی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەگەڵ رۆماندا مرۆ دنیای پێناسەو حەقیقەت جێ دەهێڵێ.

(لۆکاچ) پێیوایە کە رۆمان تەعبیرکردنە لە ڕووتبوونەوەیەکی ترانسندنتالیانە، هەندێ لە رەخنەگران لەبارەی (دیستۆڤیسکی)یەوە، ئەوە دەخەنە ڕوو کە دیستۆڤیسکی هەمیشە رۆحی خۆی بەنەخۆش زانیوە، دەشێ هەمان شتیش لەبارەی هونەری رۆمانەوە بگوترێ، رۆمان

تەعبیرکردنە لەو نەخۆشییە، لەو هەلا هەلا بوونەی کە ئازار بەدنیاوە دەچێژێ، رۆمان تەعبیرکردنێکی نادیارو فرەئامێزو کراوەو نیگەڕانئامێزە. وەك (بلانشۆ) دەڵێ لەگەڵ دەرکەوتنی رۆماندا مرۆڤ (بەختەوەری سادە ئامێزی) بەجێ هێشت، بلانشۆ لەبەرامبەر هونەرێك قسە دەکات کەناشێ بەرەو شێوەی تاکرەهەندو مانا ئیمپریالییەکان بێتەوە، رۆمان دەنگی ئەوانەیە کە دەنگیان نییە. ئەوەی کە مێژوونووسی فەرمی (کرۆنیکۆر)ی لە یادچووبێ ئەو مێژووەیە کە لەدەرەوەی مێژووی ژیانی بەسەربردووە. مێژووی ئەوانەی کە ژیانێکی خراپیان بەسەر بردووە، مافی مێژوویيان نییە.

ئەگەر بێتوو بۆمان هەبێ قسە لە جیاکارییەکانی رۆمان بکەین، دەشێ لەسێ جیاکاری کورتی بکەینەوە، بێ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەین کە توانیومانە جەوهەرو حەقیقەتەکەی بگرین، سێ جیاکارییکەش ئەوانەن: واقیعیەت، دیالۆگ، پێکەنین. رۆمان گەڕانەوەیە بەرەو وجود. (ئەدمۆند هوسرەل) لەدوا نووسینی (قەیرانی مرۆڤی ئەوروپیو فەلسەفە) دەڵێ قەیرانی فیکری ئەوروپی هەتا فەلسەفەی (دیکارت)و (گالیلۆ) لەپێکرانی ریشەوە سەرچاوە دەگرێ، بەرەو زانست دەگەڕێتەوە، واتە لەپێناو کەشفکردنی تەکنیکیو ماددیدا دنیا لە تویێی بابەتدا کورت دەکاتەوە.

(میلان کۆندێرا) بەپشت بەستن بەبیروڕای (هوسرەل) پێیوایە کە (هونەری رۆمان) (سیرڤانتس) دایمەزراندووە (Lebnswelt) لەپاڵ (دیکارت)دا ژیانی واقیعی مرۆڤ لە قەیرانە نوێیەکاندا لەبیر دەکات، هەروەها لەوساتەوەختەی کە فەلسەفەو زانست وجودی مرۆییان تیا دەجووڵێتەوە، لای (سیرڤانتس) رۆمان جگە لەدەرئەنجامی کەشفکردنی ئەو وجودە فەرامۆشکراوو لەبیرکراوو چەپێنراوەی نێو ناخ نەبێ شتێکی دیکە نییە ئەو بیروڕای (هرمان برۆگ) دەگێڕێتەوە کە پێیوایە بایەخی رۆمان لە دۆزینەوەدایە، ئەو رۆمانەی کە هیچ نادۆزێتەوە، لەدیدی ئەودا رۆمانێکی بێ ئەخلاقانەیە.

(سیرڤانتس) گوندو ماڵەکەی خۆی بەجێ هێشت، تاکو بیسەلمێنی کە دنیا بێ لانەیە رۆمان هەر لەسەرەتاوە تەعبیرکردن بووە لەو ڕووتبوونەوە میتافیزیکییە، تەعبیرکردن بووە لەو کۆچکردنە لەپڕەی خواوەند، ئەو ونبوونەی کە لەرێگەی مرۆڤەوە چاو لەوەهمو بیروراکان بزدەکاتەوە، تەعبیرکردن بووە لەو دژبوونەوە تووندەی نێوان شیعرییەتی ناخو نەسرییەتی ژیان، ئەو دژ بوونەوەیە تەعبیر لەدنیایەك دەکات کە فیکرو حەقیقەتە ناودژەکان هەلا هەلایان کردووە. (کۆندێرا) ئەوە ناودەنێ حیکمەتی نایەقین، حیکمەتێك کە دەکەوێتە دەرەوەی دڵنیاییەوەو رەنگە ئەوە بێ کەپاڵ بە (کۆندێرا) دەنێ، بۆ ئەوەی دووبارە لەو کتێبەی کە پێشتر ناومان برد بڵێ رۆمان هیچ پەیوەندییەکی بە تۆتالیتارییەتەوە نییە، چونکە تۆتالیتارییەت رێگە بەفرە دەنگیو پرسیارکردن نادات، بەردەوام پرسیارکردنو فرە دەنگی بەدوای جوانیدا دەگەڕێن.

(گۆتە) لەدیوانی (رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا) رایدەگەیەنێ کە (فارس) شانۆیان نەناسیوە، چونکە مەحاڵە زۆرداریو کەڵەگایی رێگا بە دیالۆگ بدات. دەتوانین هەمان شت لەبارەی سیستەمە تۆتالیتارییەکانەوە بڵێین، چونکە لەژێر سێبەری ئەو سیستەمانەدا رۆمان نەپێدەگاو نە گەشە دەکات، لە تۆتالیتارییەتدا تەنها وەڵامە ئاسنینەکان حوکمی واقیعو ئیبداع دەکەنو بەدیوەکەی دیکەش هەموو دەنگێکی نەشاز جڵەو دەکەن، دژی سەیرورەتی

کەشـفکردن دەوەسـتن هونـەر لـەژێر سـێبەری ئـەو سیسـتەمەدا جگـە لـە تەئکیـدکردنی وەڵامەکانو شانازی کردن بەوەڵامەکانەوە نەبێ شتێکی دیکە نییە.

(لۆکاچ) لە (تیۆری رۆمان)دا دەنووسێ: ((ئەرك ژیان کوژە)) بـەڵام داهێنـەری رۆمـان ژیـان هەڵدەبژێرێ, نەك ئەرك.

★ ★ ★

ئەو هەڵەیەی کە بەردەوام دووبارە دەکرێتەوەو بەربڵاوە ئەوەیـە کـە پێیانوایـە یەکـەمجار دیالۆگ لە یۆنان کەشف کراوە, بەڵام هیچ شێوە دیالۆگێ نە لەفەلسەفەی یۆنـانو نـە لەشـانۆی یۆنانیدا بەرچاو ناکـەوێت, (لۆکـاچ) لەکتێبەکەیـدا کـە بـەناوی (تیـۆری رۆمـان)ە تەئکیـد لـەو حەقیقەتـە دەکاتــەوەو قســە لەکاراکتــەرە تراژیدییــەکانی یۆنــانی دەکــاتو دەڵــێ, هــەموویان لەیەکتر تێدەگەیشتن, واتـە هـەموویان بەهـەمان زمـان قسـەیان دەکـرد, هـەموویان متمانـەیان بەیەکتر هەبوو, هەتا ئەگەر دوژمنی یـەکتریش بـوان, هـەموویان بەیـەك رێگـادا دەڕۆیشـتنو بـەرەو هـەمان سـێنتەر دەبوونـەوە, لەسـەر هـەمان ئاسـت دەجوولانـەوە, ئـەویش ئاسـتی ئـەو بوونەیە کە ماهیەتی ناوەوەی لەگەڵ جەوهـەردا وەك یـەك وایـە, کاراکتـەری شـانۆی یۆنـانی, کاراکتەرگـەلێکی هاوشـێوەن, تراژیـدیای یۆنـانی بوونیـادێکی هاوگونجاوو رێـكو پێکـی هەیـە, فەلسەفەکەشـیان هەروایـە, هـەتا ئـەوەی کـە پێیـدەڵێن دیـالۆگو دەمەتـەقێ کـە نموونەکـەی (جمهوریەکەی ئەفلاتون)ە بۆچوونیان بۆ دنیا یەك بۆچوونە.

کتێبی (فەلسەفە چییە) کـە (دولـۆزو گاتـاری) بەیەکـەوە نووسـیویانە, هـەروەها نـەوەکانی (دۆلۆز)یش تەئکید لەو راستییە دەکەنەوە.

(سوقرات) کەکاراکتەرێکی سـەرەکی کتێبـی ((جمهوریـەتی ئەفلاتونـە)) لـەوە ناوەسـتێ کـە دیـالۆگ مـەحاڵ دەکـەوێتـە, بـەڵکو بـەردەوام پرسـیار لـەهاورێکانی دەکـات, بـەڵام ئـەو پێشـتر وەڵامەکانی دەزانی, بەمجۆرەش ئەم هاورێیانە دەبنە هاورێیی یەك چەمك, کەواتە حەقیقەت پـێش بـوون دەکـەوێتو هـیچ شـتێکی نـوێ نییـە کـە دیـالۆگ کەشـفی بکـات, بـەڵام دیـالۆگ لەرۆماندا تەعبیر لەسەر سورمانو دوو دڵی دەکات, بۆیە (درایـد) لـەکتێبی (دەنـگو دیـاردە)دا دەڵێ فەلسـەفە هـەر لـە ئەفلاتوونـەوە هـەتا هوسـرەل بـە سـێنترالیزمی دەنگیـەوە مـەحکومـە, بەراستی شتەکانی جوان پێکاوە, چونکە دەنگی فەلسـەفە دەنگی ئاگاییـە نـەك دەنگـی ژیـان, ئەوەش هەمان فیکرەیەکە (هایەگەر) لە(پێناسەوجیاوازی) تەعبیری لێ دەکاتو رایدەگەیـەنێ کە فەلسەفەی ئەوروپی هەر لە ئەفلاتوونەوە بەتاکخوازی یان تـاکێتیو پێناسـەوە مـەحکومـە, راستە مێژووی فەلسەفە, فەلسەفە دوالیزمەکانی دیکەو فرەییـەکانو هەنـدێکی دیکـە کـە بـە دژی سیسـتەمەکان رابوونەتــەوە هــەموو ئەوانــەمان بــۆ دەگێرێتــەوە, بــەڵام هــەموو ئــەو فەلسـەفانەی کـەناومان بـردونو دیـار نـیین دەبنـە پاشـکۆی ئـەو فەلسـەفە تاکگەرایـەو بـێ جیاوازییەی کە بە ئێمە گەیشتووە.

مرۆڤ لەکەڵ دەرکەوتنی رۆماندا دیالۆگی کەشف کردووە, چونکە رۆمان مرۆڤایەتیو ژیانی رۆژانــەی مــرۆڤ دەکێشــێ, هــەروەها لــەنێو رۆمانــدا ناشــێ قســە لەتاکــە رســتەیەك, یــان حەقیقـەتێکی کۆتایـدارو بەدوایەکداهاتوو بکـەیت, لـەو بارەیـەوە پیـاوی فەلسـەفە وەك هـەر هەڵگرێکی دیکـەی ئایدۆلۆژی پێویسـتە لەسـەری کـە رسـتەکەی کۆتایـدار بـێ, رسـتەکەی ئـەو تەعبیرکردنە لەبۆچوونی خۆی بۆ دنیا, رستەکەی ئەو بەندەی یەك لۆژیکی دیاریکراوە قبوڵی

چەنەبازی، یان هیچی، یان سەرسامبوون ناکات، چونکە هەموو ئەوانە لەبەرامبەر بڕیاردانـدا بێ توانا دەکەونە، بەلاّم رۆماننووس بەیەك بۆچونی دیاریکراو مەحکوم نییە، یەکێك لەو رۆمان نووسانە (دیستۆڤیسکی)یە، ئەو رۆماننووسەی کە هیچ کاتێك توانای بڕیاردانی نەبووە، بەڵکو بەردەوام بارمتەی سەرسامیو دوو دڵی بووە.

(فرۆید) لەبارەیەوە دەنوسێو دەڵێ دیستۆیڤسکی تەواوی ژیانی خۆی لەنێوان ئیمان بێ ئیمانیدا بردۆتە سەر. هەریەکە لە دۆلۆزو گاتاری لەو کتێبەی کەناومان برد تەعبیر لەهەمان فیکرە دەکەونە ، بەلاّم بەشێوەیەکی دیکە، کاتێك جیاوازی دەخەنە نێوان دوو گەمژەوە، گەمژەی یەکەم بریارێکی تایبەتمەندەو دژی بریاری سکۆلانیە.

گەمژەی یەکەم (من)ی دۆزیوەتەوە کاری بیرکردنەوە هەڵدەلوشێ، هەر خۆی چەمکەکان بەرەو پێشەوە دەبات، ئەویش دیکارتە، بەلاّم دووەم، گەمژەکەی دیستویسڤکییە، دوا بریاری تایبەتمەندە، بەلاّم دوای حەقیقەت ناکەوێ، بەڵکو بەدوای بێهودەییدا دەڕوات، بێهودەیی ئەو بەرزترین دەرکەوتەی فیکرو ئازادییە بۆیە (لۆکاچ) راست دەکەوێتەوە، کاتێك کە لە(تیۆری رۆمان) روونی دەکاتەوەو دەڵێ لەشێوەی ئەدەبییە کۆنەکاندا هیچ شوێنێك بۆ گێل دەست ناکەوێت، کەچی لەگەڵ ((دۆن کیشوتە))ی سیرڤانتس دا دەردەکەوێ.

گەمژەی یەکەم هەوڵیدا لەدنیا بگات، بەلاّم دووەم داوای تێنەگەیشتنو ونبوونو بێهودەیی دەکرد. (لۆکاچ) لەکتێبەکەیدا دەڵێ رۆماننووس لەدەرەوەی مەعریفەدا جەوهەرو حەقیقەتی دۆزیوەتەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی رۆماندا مرۆڤ دیالۆگی کەشف کردووە، چونکە لەگەڵ ئەو دەرکەوتنەدا سەروەری هونەریش دەردەکەوێتو سەربەخۆیی هونەر پراکتیزە دەکرێو ژیانی مرۆڤ دەبێتە تاکە سەرچاوە.

(دۆن کیشوتە)ی (سیرڤانتس) رۆمانێکی دیالۆگئامێزە، دیالۆگی ئەو رۆمانە تەنها لەنێوان دوو کەسدا نییە، بەڵکو لەنێوان دوو رۆشنبیری دایە، رۆشنبیری ئەرستۆکراتیو رۆشنبیری شەعبی، هەمان شت دەتوانین لەبارەی (ئەبلە)ی دیستۆڤیسکییەوە بڵێین، لە (ئەبلە)دا دیالۆگ، دیالۆگە لەنێوان حەقیقەت، یان مشکین، بێگانە، ئەو گەمژەیەی کە دەشێ بە حەقیقەت ناوی بەرین، لەگەڵ (ئەجیلایا بیتشینا) کە رەمزی سیستەمی ئەرستۆکراتی باوە، هەریەکە لەوانەش بۆچوونی خۆیان بۆ دنیا هەیە.

لەرۆمانی دیستۆڤیسکیدا گێڕەرەوەکی هەموو شت زانی نییە هێڵەکانی گێڕانەوە بگرێ هەتا بتوانێ دەنگەکانی لاڵ بکاو نەهێڵی بەئارەزووی خۆیان قسە بکەن. بەڵکو مرۆڤ دەکەوێتە بەرامبەر بیروڕاو زمانی فرەو ناکۆکەوە، رۆمانی دیستۆڤیسکی پۆلیفۆنیە.

وەك (باختین) دەڵێ ئەوەی کە دوێنێ ئەرکی رۆماننوس بوو، ئەمڕۆ ئەرکی کاراکتەری سەرەکی رۆمانە، بەپێی تەعبیری (باختین) دیستۆڤیسکی شۆڕشێکی کۆپەرنێکۆسانەی لەنێو هونەری رۆماندا بەئەنجام گەیاندووە، چونکە ئازادی بەکاراکتەرەکانی خۆی داوە تاکو بەئارەزووی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، هەروەك مافی تەواوی قسەکردنی پێ بەخشیوون....دیالۆگخوازی لەنێو رۆماندا هونەرێکی کراوەیە، هونەرێکە دڵنیابوونی سادە ناناسێ، وەك چۆن یەقینی لالیش ناس ناکات، سەیرورەیەکی کراوەو هاودژە.

★ ★ ★

ڕێکەوت نییە کاتێك (کۆندێرا) لەکتێبەکەی (هونەری ڕۆمان)دا دەڵێ ڕۆمان خواوەند دەخاتە پێکەنینەوە, لای (لۆنحینۆس) پێکەنین گرینگترین تەعبیرکردنە لە (ناشیرینی) چونکە پێکەنین ئاشتی تەعبیرکردن بێ لە حەقیقەت, هەروەك لای (کانت) پێکەنین هیچ پەیوەندییەکی بەهەستیاری ئەو جوانییەدا نییە کە حەقیقەتی لەخۆدا هەڵگرتوە چونکە پێکەنین پێویستی بە بیرکردنەوە نییە, کانت نموونەی جیاوازی نێوان کۆمیدیاو تراژیدیا دەخاتە ڕوو, دەڵێ یەکەمیان هەستکردنە بە پارچەکانی جوانی (الروعە) دووەم هەستکردنە بەجوانی (الجمال) ناشێ کۆمیدیا بەپارچەیەك لەجوانی وەسف بکەین, چونکە هونەری ئەو کەسەیە کە پێدەکەنێ, بەڵکو بەجوانی- الجمال- وەسفی دەکەین لەدنیای کۆمیدیادا خواوەند, یان دادپەروەری خواوەند نادۆزیتەوە, هەروەك چۆن حەقیقەتە گەورەو مەتەڵئامێزەکانیش نادۆزێتەوە, بەپێچەوانەی تراژیدیاوە, تراژیدیا دنیایەکە بەئازارو ماندوویێتیو ڕێکەوتەوە مەحکومە, لەدنیای تراژیدیادا خواوەند پێکەنینی لێ قەدەغەکراوە, ئەوەی لەسەریەتی ئەوەیە بەردەوام فرمانبدا, سزا بدا, وێنەی چارەنووسی مرۆڤ بکێشێ.

بەلام لەرۆماندا خواوەندیش فێری پێکەنین بووە, هەتا گەیشتە ئەوەی کە هەر لەخۆیەوە پێبکەنێ, دواجار لەو شوێنە بەرزەی خۆی بێتە خوارەوەو بەرەو شارێکی رووتی شەعبی پڕ لە ژاوەژاو هەنگاو بنێ.

(ئیکۆ) لەرۆمانی (ناوی گوڵ) دەنووسێ لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا پێکەنین لەکەنیسەدا حەرام کرابوو, چونکە پێکەنین مرۆڤ لە ترس ئازاد دەکات, ئەگەر مرۆڤ لەترس ئازاد بێ, هیچ پێویستی بە خواوەند نامێنێ, بۆیە رەنگە جوانترین ناونان لەهونەری رۆمان ئەوەبێ کە بەپێکەنینی مرۆڤ ناوی براوە.

تراژیدیاو ئایینەکانو فەلسەفەکان فێرمان دەکەن کە خواوەند پێناکەنێ, (باختین) لە (ئەدەبو کەرنەڤاڵ- لەبارەی تیۆری رۆمانو رۆشنبیری پێکەنین)دا قسە لەپێکەنین دەکاتو دەڵێ پێکەنین کەنیسەی تایبەتی بەخۆی دروست کرد, کەنیسەیەك کە لەبەرامبەر کەنیسەی فەرمی ناوەراست دژ دەکەوێتەوە, رۆشنبیری پێکەنین تەعبیرکردنە لە ژیانی رۆژانەو جەستەی ئادەمیزاد, تەعبیرکردنە لەئازادیو لە حەقیقەتە شەعبییە بەدیهییە ناشیرینەکان, لەهەمان کاتدا رۆشنبیری جیدی باوەرپێکراو هیچ رۆژێك دانی بە پێکەنین نەناوە, ئەو تەنها کاری فەرمان دەرکردنو راسپاردنە, لەبەرهەندێ (باختین) کاتێك کەدەنووسێ (حوکم, توندو تیژی, دەسەلات- هەرگیز بەزمانی پێکەنین نادوێن) ئەو کاتە پێکەنین لای (باختین) تەعبیر لە ئاگایەکی نوێی مێژووی دەکات, گەورەترین نوێنەری ئەو ئاگایەش (رابلییەیە) کە لەکۆتایی چەرخی

ناوەراست ژیاوە, ئەو رۆماننوسەی کە چەکی گاڵتەجاری بەدژی رۆشنبیری کەنیسەی باو بەکارهێنا, ئەوەی کە فێری کردین کە وەك چۆن ژیان هەیە بژین, نەك وەك چۆن لەسەرمان فەرزکراوە.

دواجار ئەوەی ماوە ئەوەیە کە ئەدەب وەکو تەعبیرکردن لە ناشیرینی جیا بکەینەوە لەئەدەبی ناشیرین (الردیء), لەبۆچوونی مندا ئەدەبی ناشیرین تەعبیرکردنێکی رووکار ئامێزە لە بەدی ژیان, بەزمانێکی دیکە تەعبیرکردنێکی ناشیرینانەیە لەخودی ناشیرینی, رووکار ئامێزیو راستەوخۆی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی ناشیرین, ئەوەش ئەو

جیاوازییەیە کە لەنێوان رۆمانێکی وەکو (زقاق المردق)ی نەجیب مەحفوزو (الخبز الحافی) کە سیرەی محەمـەد شـکرییە بـەدی دەکرێـت. (زقـاق الـمـردق) تـەعبیرکردنێکی ئەدەبییانەیـە لـە ناشـیرینی ژیـان ناشـیرینی مەرجـە کۆمەڵایەتییـەکان, بـەڵام (الخبـز الحـافی) تـەعبیرکردنێکی رووکارئامێزی راستەوخۆیانە لەبارەی شاری (تەنجە)ی نێوان دوو جەنگ.

نـاکرێ هـەموو نووسـینێك لـەبارەی برسـێتیو زۆرلێکردنـی سێکسـیو تـاوانی باوکایـەتی بەئەدەب دابنـێین, واقیعیـەت هـەرگیز ئـەوە نییـە کـە بـەوردی وێنـەی واقیـع بگریـت, بـەڵکو سەرەتای شێوازی نووسین, ئەو شێوازەی کە (مەحەمـەد شـکری) هاوشـێوەکانی لـەنێو ئـەدەبی مەغریبیدا ونیان کردووە, (بۆفۆن) دەڵێ مرۆڤ بۆخۆی شێوازە.

تێبینی: ئەو نووسینە نووسەری مەغریبی (رەشید بوتەیب) نووسیویەتی ئێستا نووسەری ناوبراو لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە.

سەرچاوە: مجله الواح تعنی بالفکرو الپقافه العدد 17 السنه 2004

WWW